

فۆتۆ: سەفین ئیسماعیل

# حەز لە دەنگی کەناری دەکات و بە هۆڕنی ئۆتۆمبێل پەست دەبێت

خانمە هونەرمەند شیلان عوسمان لەپەیوەندیەکی تەلەفۆنی بۆ گۆڤاری گوڵاندا، باس لەبێدەنگی خۆی دەکات و هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە هونەرمەندانەی ئێستا لەبواری هونەری کار دەکەن تەنیا بۆ خۆدەرختنە .

هونەرمەند شیلان عوسمان ساڵی ١٩٨٠ لە گەڕەکی سەر شەقام شاری سلیمانی لە دایك بووە، ساڵی ٢٠٠٣ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە .لەساڵی ١٩٩٥دەستی کردوە بە کاری هونەری کە زیاتر لە فیستیڤاڵ و کۆنسێرتەکاندا بەشداری کردووە، یەکەم بەرهەمی ساڵی ١٩٩٧ بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان تۆمارکرد بەناوی عەشق باران لە ئاوازی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی و هۆنراوەی ئەحمەد حەمدی شاعیر.

شیلان ماوەیەکی زۆرە لەکاری هونەری دابڕاوەو، بەڵام هۆکارەکەش بۆهیچ مەبەستێکی تایبەتی خۆی ناگەڕێنتەوە و دەڵێت «تەنیا ئەوەیە کە بڕە پارەیەکی زۆری دەوێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ، پێش چوار ساڵ داوایی پشتگیرم کرد لەوەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەڵام تاکو ئێستا هیچ وەڵامێکیان نەبوو بۆیە نەمتوانیوە لەسەر ئەرکی خۆم ئەم کارە ئەنجام بدەم، هەروەها لەبارەی ئەو هونەرمەندە ئافرەتانەی ئێستا لەنێو بواری هونەری کار دەکەن شیلان وتی «ئەو هونەرمەندانەی ئێستا لەنێو بواری هونەری کار دەکەن بەدڵنیایەوە تەنیا بۆخۆ دەرخستنە ئەگینا لەبواری هونەری بەڕای من هیچیان سەرکەوتوو نەبووینە کارێکی ئەوتۆیان نەکردووە کە شایەنی باسکردن بێت، خوازیارم لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا هونەرمەند زۆر بووە هەوڵ بدەن بە کارێکی جوانەوە بێنە نێو بواری هونەرییەوە نەك تەنیا بۆ خۆدەرخستن بێت و بڵێن ئێمەش گۆرانیبێژین .

ئەم خانمە هونەرمەندە هیوا و ئاواتی ئەوەیە کە لەداهاتوو کارێکی جوان ئەنجام بدات .لەبارەی ئەوەی کەبەچ شتێك زۆر تورە دەبێت شیلان وتی « زۆر بەدرۆی گەورە تورە دەبم کاتێك یەکێك بیەوێت قەناعەتت پێبێنێت . شیلان ئەوەش دەخاتەڕوو کەزۆر بە هۆڕنی سەیارە پەست دەبێت کاتێك بەبێ هۆکار لێدەدرێت ، هەروەها زۆریش حەز لەدەنگی کەنارییە دەکات کە لە باخێکدا دانیشتبێت گوێی لە دەنگی بێت . شیلان ئاماژە بەوەش دەدات کەزۆر لەکولە (کلۆ) دەترسێت .

# بەیان زەریفی: لەدرامای کەرکوک ٤

**بەیان زەریفی چالاکوانی بواری منداڵانو پێشکەشکارو ئامادەکاری ناسراوی بەرنامەی منداڵانە، لەساڵی ١٩٨٦ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشی شانۆی تەواو کردووە و بەردەوام بووە لە کاری شانۆیی کردووە تا ساڵانی نەوەدەکان، دوای ئەوە رووی لە بواری منداڵان و پەروەردە کردنیان کردووە، دواتر لە باخچەی ساوایانی**

*** دواین پرۆژەی هونەریت چییە ؟**

- من هیچ کاتێك لەکاری هونەری دانەبڕاوم ئەوە نزیکەی مانگێك دەبێت وێنەگرتنی درامایی کەرکوك فۆرم تەواوکردووە . لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزیش خەریکی ئەم درامایانەین کە لەدوای بەربانگ نمایش دەکرێن. لەگەڵ تیپی ڕەنگاڵەیە، دوای جەژنیش بەنیازم لەدرامایەکی تر بەشداری بکەم .

*** لەدرامای کەرکوك٤ چ ڕۆڵێك دەبینی ؟**

- ڕۆڵی ئافرەتێك دەبینم کە خەڵکی گەرمیانە وەکو ئەم خەڵکە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە دەربەدەر دەکرێت، کورەکانی دوور دەخرێتەوە لێی بێ سەروشوێن دەبن و دەچنە شاخ لەبەر زەبر وزەنگی ڕژێمی بەعس .

*** کەمی دراما لەشاشەکان بۆچی دەگەڕێنیتەوە ؟**

- کاری زۆر دەکرێت، بەڵام کارەکان زۆریان پێدەچێت تاکو تەواو دەبن بۆنموونە «گەردەلوول ئەوە نزیکەی ساڵێکە، کەرکوك ٤ ئەوە دوو ساڵە خەریکین ، کاری دراما کاتی زۆری دەوێت بۆتەواو کردنی، جگە لەوەیش بودجە زۆر گرینگە بۆ ئەوەی کارەکان زۆر بەزووی تەواو بکرێت و بەباشی ئەنجام بدرێت . گەر سەیری وڵاتان بکەیت دەبینیت درامای زۆر بەرهەم دەهێنرێت ئەمەش هەمووی بەبودجەی باش دەکرێت.

*** ڕات چییە بەرامبەر بەم درامایانەی ئێستا لەزمانی بیانیەوە دۆبلاژ دەکرێن سەر زمانی کوردی و لەشاشەکان بڵاودەکرێنەوە ؟**

- من خۆم سەیری ئەم درامایانە ناکەم ، ناشڵێم ئەمە کارێکی خراپە ئەوانەی کە دۆبلاژیان کردووە دەستیان خۆش بێت توانیویانە کارەکە بەجوانی دۆبلاژ بکەن . بەڵام ئەم درامایانە زۆر دوورن لەکلتوری خۆمانەوە ئیتر نازانم بۆچی دەکرێتەوە کوردی ، ئایا بۆ ئەوەیە بۆشایی شاشەکانیان پێ پڕبکەنەوە؟ یان بۆ هەر مەبەستێکی تربێت. دەبینم زۆر منداڵ ناوی خۆی گۆڕیوە کردویەتیە ناوی ئەم ئەکتەرانە ئەمە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کۆمەڵگای ئێمە، کاری دوبلاژ لەهەموو زەمانێکەوە هەبووە ، بەڵام ئەم کارانە سەردەمێکە دێ ودەڕوات بەردەوام نابێت .



*** کار کردن لە بواری منداڵان جیاوازی چییە لەگەڵ کاری**

# ڕۆڵی دایکی کوڕە ئەنفـــال دەبینم

**سلێمانی‌و وەك مامۆستای شانۆو مۆسیقا درێژەی بەكارەكانی داوە، هەروەها بەردەوامیش بەشـــداری لەكاری شـــانۆ دراما كردووە تاكو ئێستا، لەدیمانەیەكی تایبەت لەگەڵ گۆڤاری گوڵاندا باس لەدوایین كاری هونەری خۆی دەكات و هەروەها كەمی دراماش لەشاشـــەكان بۆ كەمی بوودجە دەگەڕێنێتەوە .**

**دراما ، كەخۆت لەهەردوو بوارەكە كارت كردووە ؟**

- جیاوازی زۆر زۆرە ،كاری منداڵانم لەســاڵانی نەوەتەكان بوو دەستم پێكرد ئەو كات مامۆســتایی مۆسیقا بووم لەباخچەی ساوایان بۆ ماوە دە ســاڵ . توانیم كار بۆ منداڵان بكەم دواتریش لەشاشــەی تیڤیەكان كارم بۆمنداڵان كرد وەك بێژەرو ئامادەكارو چیرۆك گێڕانەوە تا ئێستاش بەردەوامــم و خەریكــی كارێكی ترم بۆمنداڵان . پێش ســێ مانگ ســیدیەكم بڵاو كرایەوە كە هەموو ئاوازەكانی هــی خۆم بوو زۆربەی گۆرانیەكانیش خۆم بۆ منداڵانم وتبوو ، كاری منداڵان كارێكی قورسە، بەڵام زۆر ئارام بەخشــە . تا ڕادەیەك توانیوومە هاوسەنگییەك دروست بكەم لەنێوان كاری منداڵان و لەبەرئەوەی خۆمە دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەكانم بەشی شانۆ ئەوا دراما كاری سەرەكی خۆمە .

*** ئایا جوانی دەبێتە پێوەر بۆسەركەوتنی هونەرمەند؟**

- نەخێر، چونكە جوانی لەخوڕەوشــت و ئەدای دەورەكەیە كە كەسەكە دەیبینێت .من جوانیــم بۆچییە گەر وروژێنەر نەبێت بۆ جەماوەر تەنیا بەس دیكۆڕ بێت . ئەوەی كەم تاقیمكردۆتەوە ئەوەی كەجوان بێت لەسەر شاشــە ســاردییەكی پێوە دیارە یاخود ڕۆڵەكە وەكو خۆی ئەدا ناكات ، بەداخەوە دەرهێنەرەكانمان زۆر بەو دەورەیە ڕۆشـــتن و تائێســـتاش هەر بەردەوامن .

*** منــداڵ لای بەیــان زەریفی چی دەگەیەنێت ؟**


- خۆشەویستی و ڕاستگۆیی.

*** چ شتێك توڕەت دەكات ؟**

- چاوەڕوانی .

*** چ شتێك دەتهێنێتە پێكەنین ؟**

كاتێك یەكێك لاســایی من دەكاتەوە و سەركەوتنی كارەكانیشم زۆر دڵم خۆش دەكات .





# زۆر نووستنی هونەرمەندان بۆ نەبوونی شوێن دەگەڕێنتەوە

نــوژدار یەكێكە لە هونەرمەنــدە لاو و بە تواناكانی دەڤــەری دهۆك، كە توانیویەتی بە لێهاتوویی خۆی جۆرێك لە تێكەڵاوی لەنێوان رەســەنایەتی و نوێگەرایی بهێنێتە ئاراوە و بەشــێوەیەك پێك بەستنێك بكات كە هیچیان لەسەر حیسابی ئەویتر نەبێت و مافی هەریەكەیان وەكو خۆی پێبدا.

نــوژدار لە پێوەندیەكدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باســی لــە هۆكارەكانی نەگوتنی سروودی ئایینی كرد لە مانگی رەمەزانی پیرۆز و گوتی: ئایین و دینداری ئەوە نییە مرۆڤ سروودێك بڵێت و خوای گەورە لە خۆی رازی بكات، بەڵكو ئەمە زیاتر بەســتراوە بە پێوەندی نێوان من و خودا وەك خودا پەرســتی و نوێژ كردن و ڕۆژوو گرتن كە پێویستە ئەمانە پێشكەش بە خوا بكــەم و حــەز دەكەم ئەمە لە نێوان من و خوای گەورە بێت، وەكو ســتران و ســروودیش لەوانەیە پرۆژەیەكی لەو جــۆرە هەبوبێت، بەڵام من پێموایە مەسەلەی گوتنی سروودی ئایینی پێویستە بۆ ئەو كەسانە بەجێ بهێڵرێت بێت كە تەنیا سروودی ئاینی دەڵێن و وەك تایبەتمەندییەك پێویستە بۆ ئەمانە بێت، نوژدار هەروەها دەڵێ: ســرووەدی ئایینیش خزمەت كردنێكی هونەری كوردییە، بەڵام تایبەتمەندییەكی خۆی هەیە، چونكە ئەگەر بە سروودێكی ئایینی توانیم وا لەكەسێكی دەوڵەمەند بكەم خێرێك پێشكەش بە هەژارێكی وڵاتەكەم بكات یان ســروودەكەم ببێتە هۆی ئاشتبوونەوەی دوو كەس، ئەمە خۆی لــە خۆیدا خزمەتێكی گەورەیە پێشكەشــي دەكەم، چونكە پەیامی هونەرمەند بریتییە لە پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بە نەتەوەكەی خۆی.

سەبارەت بە دیاردەی زۆر نووستنی هونەرمەندە گەنجەكانیش، نوژدار دەڵێ: پێموایە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی شــوێنێكی تایبەت بە هونەرمەندان، چونكە لە هەموو جیهان شــوێنی تایبەت هەیە بۆ دانیشتن و كۆبوونەوە ، من خۆم یەكێكم لەو كەســانەی ئەگەر بە رۆژ زۆر دەنوم بەتایبەتی ئەگەر ئاهەنگ یان ئیلتیزامێكی هونەریم نەبێت بۆ خۆم دەنووم، بۆیە دەڵێم پێویستە هونەرمەندان بەردەوام كۆنســێرتیان هەبێت بۆ ئەوەی ســەرقاڵی بیركردنەوە بن لە چۆنیەتی ئەنجامدانی كۆنســێرت و ئاهەنگەكان و ئەنجامدانیان بە باشترین شێوە نەك زۆربەی كاتی خۆیان بە نووستن بەسەر بەرن.

هەمیشــە هونەرمەند بیر لە بەرهەمی داهاتووی دەكاتەوە لە مبارەیەوەش نوژدار گوتی: من ئێســتا لە قۆناغی كۆكردنەوە و هەڵبژاردنی تێكست و ئاواز و تا ئێســتا نزیكەی ٥ گۆرانیــم هەڵبژاردووە و ٥ تریش ماوە، بەڵام دوای سەركەوتنی گۆرانییەكەم بە شێوەزاری سۆرانی، ئەركم زۆر زەحمەتتر بووە و ئێســتاش بە دوای تێكستی ســۆرانی نوێ دەگەڕێم بۆ ئەوەی بە ئاستێكی زۆر باش پێشكەش بە جەماوەرەكەمی بكەم.

ئامادەكردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: رۆشنە عومەر

### شەم فوئاد (ڕەیحانە) بۆ گوڵان:

# ڕوخسار و سیما پێوەری سەرەکی نین بۆ هەڵبژاردنی ئەکتەر



لە سەرەتای مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە لە شاشەی کوردستانی تیڤی زنجیرە درامای (ڕەیحانە) نمایش دەکرێت کە لە سیناریۆ و دەرهێنانی لوقمان غەریبە، (ڕەیحانە) بە یەکێك لە گەورەترین و درێژترین درامای کوردی دادەنرێت، کە نزیکەی ١٦٠ هونەرمەندی کورد تێیدا بەشدارن، زۆر لە هونەرمەندە بەشدار بووەکانی ئەم زنجیرەیە هونەرمەندە ناودار و ناسراوەکانی کوردن، کە خاوەن ئەزموون و شارەزاییەکی زۆرن، لە هەمان کاتدا بەشێکی ئەو ئەکتەرانەی بەشدارن خاوەن ئەزموونێکی زۆر نین لە بواری نواندن، تەنانەت هەندێکیان بۆ جاری یەکەمە بەشداری لە کاری درامادا دەکەن، ئەوەی جێی سەرنجە لوقمان غەریبی دەرهێنەر ڕۆڵی پاڵەوانی بە هەندێك لەو ئەکتەرە تازانە سپارد کە بۆ یەکەم جارە لەسەر شاشە لە درامایەکدا دەربکەون.

یەکێك لەوانە کە بۆ یەکەم جارە لە درامادا بە دیداری جەماوەر شاد دەبێت هونەرمەند (شەم)ە کە ڕۆڵی (ڕەیحانە) دەبینێت، ئەمەش لە ڕوانگەی بڕوای تەواوی دەرهێنەرەوە بەو ئەکتەرەوە دێت، گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی شەم کرد سەبارەت بە (ڕەیحانە) ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** باکگراوەندی هونەری باوکت کاریگەری هەبوو لەسەر دەستنیشانکردنی تۆ بۆ ئەو ڕۆڵە و سەرکەوتنت تێیدا؟**

- بە حوکمی ئەوەی من لە بنەماڵەیەکم زۆربەمان لەم بوارەدا واتە بواری هونەری کارمان کردووە و منیش سوودمەند بووم و سوودێکی زۆرم لە شارەزایی و ئەزموونی باوکم (فوئادی حەمەامین ئاغا) خوا لێی خۆشبێت وخوشکەکەم (شادان فواد)و (شەماڵی عەبە ڕەش) و دایکیشم (نەزیرە عەلی ) وەرگرتووە کە لەم درامایەشدا بەشدارە.

*** هەڵبژاردنت بۆ بینینی ڕۆڵی (ڕەیحانە) چۆن بوو؟**

- دوای دەرکەوتنم لە کلیپی (شیری ئەبرۆت) کە یەکێکە لە گۆرانییەکانی هونەرمەند سوارە محەمەد و لە دەرهێنانی (ئاکۆ سیرینی)ی هاوسەرەکەمە، کاک لوقمان منی لەو کلیپە بینیبوو و دواتریش لەگەڵ دایکیشم منی بینیبوو بڕیاریدا کە من ڕۆڵی (ڕەیحانە) ببینم.

*** ئایا ڕووخسار و سیما پێوەر بوون لە هەڵبژاردنی (شەم) بۆ بینینی ڕۆڵی (ڕەیحانە)؟**

- کاتێ دەرهێنەر ئەکتەرێك دیاری دەکات بۆ بینینی ڕۆڵێك زۆر لایەنی هونەری هەیە کە دەبێ حیسابیان بۆ بکات، بە بڕوای من سیماو ڕووخسار بەشێکە لەو پێوەرانە، بەڵام مەرج نییە پێوەری سەرەکی بن.

*** وەك یەکەم کار بۆ تۆ چەند زەحمەت بوو بینینی ئەو ڕۆڵە لەگەڵ ئەو هەموو هونەرمەندە گەورەیە و لە زنجیرەیەکی گەورەی لەم شێوەیەدا؟**

- جێگەی خۆشحاڵییە بۆ من لەگەڵ ئەو هونەرمەندە بەڕێزانەدا کارم کردووە کە زۆربەیان هاوڕێی باوکم بوون و لەگەڵ ئەو کاریان کردووە. بە ڕاستی ئەوان وەك کچی خۆیان مامەڵەیان لە گەڵ کردووم خوا تەمەنیان درێژ کات. بە داخیشەوە بۆ مامۆستای گەورە تەها خەلیل کە لەم کارەدا ماڵئاوایی لێ کردین خوا سەبووری هەموو لایەك بدات.

*** لە (ڕەیحانە) چ شتێك زیاتر سەرنجی ڕاکێشای؟**

- گەڕانەوە بۆ سەردەمی پەنجاکانی سەدەی پێشوو، بۆ من ئەزموونێکی تازە بوو بە تایبەت دیکۆرو جل و بەرگ و ئەو شتانەی تر کە بە کار هێنرابوون.

*** چ هەستێکت هەبوو کاتێك (شەم) و (ڕەیحانە) ئاوێتەی یەکتر دەبوون و چ جیاوازییەکیان هەیە؟**

- من تەنها ڕۆڵی ڕەیحانەم بینیوە کە کچێکە لە سەردەمێکی تردا ژیاوەو زۆر جیاوازە لە ئێستا. لە دەرەوەی ئەم ڕۆڵە شەم دایکی دوو منداڵەو ئەرك و مافی تری هەیە لەم سەردەمەی کە بە سەردەمی خێرایی پێوەندییەکان ناسراوە.

*** لوقمان غەریبی دەرهێنەر تا چەند سەرکەوتوو بوو لە کۆکردنەوەی ئەم هەموو هونەرمەندە؟**

- کارێکی زۆر باشەو بە دڵنیاییەوە ئەم هەموو گەورە هونەرمەندانە لەم کارەدا کۆبوونەتەوە هەردەبێ ئامانجێکی باشی هەبێت.

*** ئێستا لەلایەن جەماوەرەوە بەهۆی دراما دۆبلاژکراوەکان درامای کوردییان پەراوێز خراوە، ئایا (ڕەیحانە) دەتوانێت بینەری کوردی بۆ دراما بگەڕێنێتەوە؟**

- دیارە هەموو کارێك پێویستی بە پاڵپشتی مادی و مەعنەوی هەیە بە داخەوە درامای کوردی زۆر پشتیوانی ناکرێت بۆیە بەرهەمیشمان کەمە. کاری دۆبلاژ بە پارەیەکی کەمتر بەرهەم دێت و ئەم بۆشاییەی پڕکردۆتەوە. کە ڕەنگە ئەم کارانە هەندێك جار لە ئاست خواستەکانی کۆمەڵگەی ئێمەدا نەبن.

*** زۆر لە کەناڵە کوردییەکان بە شانازییەوە باس لە دراما بیانییە دۆبلاژکراوەکان دەکەن، ئەمە چی دەگەیەنێت؟**

- هەموو کەسێك بۆی هەیە شانازی بە بەرهەمەکانییەوە بکات. ئەگەر بەرهەمی دۆبلاژ کراویش بن. دواجار بینەرە کە چۆن ئەم بەرهەمە هەڵدەسەنگێنێت.

*** ئەگەر داوات لێ بکرێ کاری دۆبلاژ ئەنجام بدەی ئامادەی ئەم کارە بکەی؟**

- بەڵێ بە مەرجێك دراماکە لە ئاست خواستی کۆمەڵگەی ئێمە بێت و ڕەچاوی بەها ئاکارییەکان و کەلتوری ئێمە بێت.

*** لە دوای (ڕەیحانە) ناوبانگت زیاتر دەبێ، چۆن خۆت لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا دەگونجێنی؟**

- من کەسێکی سادەم وە هەرواش دەمێنمەوە.

*** ناوبانگ و ناساوی چی دەگەیەنن بۆ (شەم)؟**

- هەرگیز لە ژیانم دا بە گرنگم نەزانیوە، ئەوەی بە لای منەوە گرنگە ئەو پەیامە مرۆڤایەتییەی هونەرە، کە لە ڕێی هونەرەوە دەبێت بیگەیەنم.

*** ترسی ئەوەت نییە تۆش وەکو (وەنەوشە) و زۆرانی دیکە سەیارەیەکت بەناو بکرێ.**

- بە بڕوای من ئەم دیاردەیە زۆر ناشرینەو دەبێت وشیاری کۆمەڵگەکەمان بگاتە ئاستێك کە چیتر ژن وەك کاڵا سەیر نەکرێت و ئەم دیاردەیەش بنبڕ بکرێت.





# بێوار: تا ئێستا هیچ کارێکی وام نەکردووە جێگای ڕەخنە بێت

**گۆرانیبێژی لاو بێوار، ساڵی ١٩٨٣ لە ئاوارەیی لە ئۆردوگای زێوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایك بووە، لە ساڵی ٢٠٠٢یەکەم کلیپی بڵاوکردەوە، وەك زۆربەی هونەرمەندە تازە پێگەیشتووەکان توانیویەتی جێ پەنجەی لەناو هونەری کوردی دیارە، تا ئێستا خاوەنی ٦ کلیپە (ئاریان) (دەلال) (خەرمانە) (یارامن) (مەیوان) (پەشیمانم)، هونەرمەندی لاو بێوار لەچاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ گوڵاندا بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن:**

**ئا/بەهرە سدیق**

*** چۆن بوو هونەری گۆرانیبێژیت وەك ڕێچکەیەك لە ژیانتدا هەڵبژارد؟**

- لەمنداڵییەوە حەز و ئاواتی گۆرانی گوتنم هەبووە، ئەوکاتەی لەسەرەتاییش بووم ماموستاکان گۆرانییان پێ دەگوتم و لەریزدا دەریان دەهێنام، ماموستا سەباح بابێ زینێ زۆر هاندەرم بووە و لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ گرووپێکی هونەریمان بەناوی (ئاریانا) دانا.

***وەکو هونەرمەندێکی گەنج، لەلایەن هونەرمەندە گەورەکانەوە ڕەخنەت لێگیراوە؟**

- باوەڕ ناکەم هیچ کارێکی وام کردبێت کە ڕەخنەم لێ بگیرێ، هەرچەندە من ڕەخنەم پێخۆشە، بەڵام ڕەخنەیەکی رووخێنەر نەبێ بەڵکو بونیادنەر بێت.

*** ستایلەکەت زیاتر بەلای گۆرانی ئیقاعی و خێرایی دەڕوات یان گۆرانی هێمن؟**

- پێویستە هونەرمەند شارەزایی لە هەموو ستایلەکان هەبێت، من حەز لە گۆرانی هێمن و گۆرانی ئیقاعی و خێراش دەکەم.

***هونەرمەندە بەتەمەنەکان هاندەرن بۆ ئێوە یان بە پێچەوانەوە؟**

- ناڵێم هەموویان، بەڵام هەندێکیان هاندەری باش بوون بۆ ئەوەی ئێمەی بەردەوام بین لەسەر کاری هونەری و خۆمان پێش بخەین لەو بوارەدا.

***لەدوای گۆرانی مەرجانە بۆ ماوەیەك ون بووی هۆکاری ون بوونت چیبوو؟**

-کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٤ (مەرجانە)م پێشکەش کرد رووم لە ئەوروپا کرد بە نیازی ئەوەی خزمەتی هونەری کوردی بکەم، دوای ساڵێك یان دوو ساڵ کلیپێکم کرد لە ئەستەمبوڵ بەناوی (یارامن) و لەدوایی ئەویش گۆرانی (پەشیمانم)م پێشکەش کرد.



*** گۆرانی (یارامن) ئاوازو پەیڤی کێیە؟ وچۆن بوو بیرت کردەوە گۆرانی بە زمانی تورکی بڵێی؟**

- یارا من لە پەیڤی ماموستا (حوسێن کەمانچە)و ئاوازی ماموستا (سەباح)ە، سەبارەت بە گۆرانی گوتن بە زمانی تورکی پێم باش بوو هونەرمەند بە زیاتر لە زمان و زاراوەیەك گۆرانی بڵێ، چونکە زۆر کەس هەن هەواداری گۆرانی تورکین و گوێی لێ دەگرن کەواتە گرنگە بۆ هونەرمەند بتوانێ کارێکی وابکات، ئێمەش بۆ کارێکی وانەکەین وەك هونەرمەندانی جیهان کە هیچمان لەوان کەمتر نییە. تا بتوانین هونەری خۆمان پێش بخەین وبە جیهانی بناسێنین.

***ئەلبوومی ئێستات لە کوێ کردووە؟**

-لەتورکیام کردووە لە ئەستەمبوڵ لەستۆدیۆ هەرە باشەکانی تورکیا.

***زیاتر گۆرانیت بۆچی وتووە؟**

-زیاتر گۆرانییەکانم بۆ خۆشەویستی بووە، بۆئەو کەسانە گۆرانی دەڵێم کە عاشقن.

*** ماوەیەك دەنگۆی ئەوە هەبوو کە جەنابتان مردوون؟**

-هەمووی پروپاگەندە بوون لەدوایی گۆرانی مەرجان کە چووم بۆ ئەوروپا و دوایی هاتمەوە برادەران منیان بینی گوتیان وامان زانیوە کە مردبی، ئیتر هونەرمەند کە ماوەیەك دیار نەما دەکەوێتە بەر قسەو قسەڵۆك، تۆ ناتوانی دەمی خەڵك بگری ئەوانیش ئازادن چ دەڵێن بابیلێن.

***دوایین کاری هونەریت چییە؟**

-ئەلبوومێکە پێك دێت لە ١٣ تراك، کە ٦ تراکی بەزاراوەی سۆرانی و٦ بەزاراوەی بادینی یەکێکیشیان تورکیە، پەیڤ و ئاوازی ماموستا سەباحە دوو تا سێ گۆرانی نەبێ ئاوازی خۆمن .

# لۆرین زۆر حەزی لە دۆڵمەیە و ئیتاڵیا بە خۆشترین وڵات دەزانێت

**لۆرین یەکێکە لەو کچانەی کە توانیوتی لە دووبواری نزیك لە یەکتردا بەهرە و تواناکانی خۆی دەربخات ئەوانیش گۆرانی گوتن و کاری رۆژنامەوانییە لە هەردووکیشیاندا سەرکەوتوو بووە، هەرچەندە دەتوانین بڵێین ئێستاش لە قۆناغەکانی دەستپێکی کاری هونەریدایە، بەڵام کارەکانی تا ئێستا گەواهیدەری ئەو راستییەن، لۆرین بەرزنجی خەڵکی رۆژئاوای کوردستانە و وەك سەدان هەزار کوردی دیکەی گشت پارچەکانی کوردستان رووی لە وڵاتی غەریبی کردووە و ئێستا لە ئەورووپا ژیان بەسەر دەبات، لە پێوەندییەکدا بەم شێوەیە بۆ گۆڤاری گوڵان هاتە ئاخافتن.**



### رۆژنامەوانی بەشێکی گرنگی ژیانمە

لۆرین جگە لە گۆرانی گوتن، لە هەمانکاتدا راگەیاندنکاریشە لەبارەی ئەو ئاستەنگانەی دێنە سەر رێگای دەڵێ: من لە یەکێك لە گەورەترین رادیۆکانی سوید، بەشی هەواڵ کار دەکەم کە پێویستی بەوەیە مرۆڤ هەمیشە بەدوای رووداوەکانی رۆژەوە بێت، ئەمەش کارێکە بە تەواوی پێچەوانەی کاری هونەرییە و مرۆڤ روو لە جیهانێکی دیکە دەکات کە کات بوونی نەبێ، بێگومان رۆتینی رۆژانە رێگا لە مرۆڤ دەگرێت، بەڵام پێویستە مرۆڤ کارێك بکات کە خۆی حەزی لێیەتی، ئێستا کاری رۆژنامەوانی بە بەشێکی گرنگی ژیانم دادەنرێت، لە رادیۆ مرۆڤ وەك تیمێك کار دەکات، چونکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی پێویستە خۆی کارەکان ئەنجام بدات وەك دیاریکردنی بابەت و نووسینی و دیمانە و مۆنتاژ کردنی، بەڵام سەرەڕای ئەمە هەوڵ دەدەم هەردوو کارەکە بە یەکەوە ئەنجام بدەم و زۆریش خۆشحاڵم بە ژیانی خۆم.

### من و هاوسەرەکەم هاوڕێ بووین

لۆرین ئاماژە بەوە دەکات کە بە خۆشەویستی ژیانی هاوسەریتی لەگەڵ هۆگری هاوسەری پێکهێناوە و هۆگری هاوسەری لە زۆر لایەنەوە هاوکاری دەکات لە هەموو کارەکانیدا و دەڵێت: زەواج کردنی من لەسەر بناغەیەکی گرنگ پێکهات، بە تێگەیشتن، هاوڕێیەتی، رێز گرتن و خۆشەویستییەکی گەرم، پێموایە هەر کەسێك لە ژیاندا حەز دەکات بە ویست و ئارەزووی خۆی ژیانی تایبەتی خۆی بونیاد بنێت، منیش ژیانی هاوسەرێتی خۆم بەو شێوەیە پێکهێنا، من و هۆگر هەر لە سەرەتاوە هاوڕێی یەکتر بووین و لە هەموو بوارەکاندا هاوکاری یەکتری دەکەین، بێگومان زۆر هاوکاری کردوومە لەلایەنی مەعنەوی و هونەرییەوە، ئێمە باش لە یەکتری دەگەین بۆیە زۆر دەست ناخەینە نێو بڕیارەکانی یەکترییەوە بۆیە ئەگەر گۆرانییەك بە دڵی من بێ، باوەڕ ناکەم هۆگر ناڕازی بێت لە بڕیارەکەم.

### ئیتاڵیا وڵاتێکی زۆر خۆشە

لۆرین باس لە وڵاتە خۆشەکانی جیهان دەکات کە تا ئێستا سەردانی کردوون، هەروەها ئەو خواردنە خۆشانەی کە حەزیان لێدەکات، لەم بارەیەوە دەڵێت: بێگومان هەر وڵاتێك خۆشی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەرچەندە مرۆڤ لە وڵاتی خۆی دووریش بێت، بەڵام وڵاتی مرۆڤ ماڵی خۆیەتی، کوردستانیش زۆر لایەنی خۆشی هەیە بۆیە وەك وڵاتێك نایبینم، چونکە ماڵی منە، لەو وڵاتانەی کە تا ئێستا سەردانم کردوون و کاریگەرییان بەسەر منەوە هەبووە و شوێنی خۆیان لە دڵی مندا کردۆتەوە ئیتاڵیایە کە وڵاتێکی زۆر زۆر خۆش و سەرنجڕاکێشە.

سەبارەت بە خۆشترین خواردنیش لۆرین دەڵێت: ئەمەیان پرسیارێکی زۆر زەحمەتە، بەڵام من لەو باوەڕەدام لە پاش دۆڵمە و یاپراخ خواردنی خۆشتر نییە.

### ئەگەر ئیرەیی هەبێت لەنێو هونەرمەندە پیاوەکانیشدا هەیە

لە بارەی گوتنی گۆرانی بەشێوەی دویت لۆرین بەرزنجی دەڵێت: هەستێکی خۆشە کە لەگەڵ گۆرانیبێژێکی دیکەدا گۆران بڵێیت، هەر کاتێك تێکستێکی گونجاو هەبوو و هەر هونەرمەندێك داوای ئەوەی کرد کە گۆرانی لەگەڵ بڵێم ئەوا بە خۆشحاڵییەوە دەیڵێم. دەربارەی ئەوەی کە حەز دەکات لەگەڵ چ هونەرمەندێك گۆرانی بڵێ، لۆرین پێیوایە ئەمە کارێکی زۆر زەحمەتە، چونکە هەر هونەرمەندێك زەوقی هونەری تایبەتی خۆی هەیە و هەر هونەرمەندێکیش بە ستایلی تایبەتی گۆرانی دەڵێ لە هەمانکاتدا جۆر و شێوازی ئەو گۆرانیانەی کە دەیڵێت تایبەتە.

لۆرین سەبارەت بەوەی کە ئایا ئیرەیی لەنێو هونەرمەندانی ئافرەتدا هەیە یان نا دەڵێ: من تا ئێستا هەستم بە بوونی ئیرەیی نەکردووە، بەڵام ئەگەر لەنێو هونەرمەندە ئافرەتەکاندا هەبێت بێگومان لەنێو پیاوانیشدا هەیە هەتا ئەگەر بە رێژەیەکی کەمیش بێت.

### گرنگ ئەوەیە کۆنسێرت پێشکەش بکەم

ئایا لۆرین حەز دەکات لە چ شارێکی کوردستان کۆنسێرت پێشکەش بکات؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێ: لەو باوەڕەدام هونەرمەند حەز دەکات کۆنسێرتی گۆرانی پێشکەش بە جەماوەر و گوێگرانی خۆی بکات جا لە هەر شار و شوێنێك بێت ئەمەیان زۆر گرنگ نییە، هونەرمەند تەنیا دەیەوێ راستەوخۆ رووبەرووی جەماوەری خۆی ببێتەوە و لە نزیکەوە بە دیداری یەکتر شاد بن.

# دۆمینیک ئیبراهیم تاتلیساس باش دەناسێت



خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی دۆمینیك حۆرانی لە پێوەندییەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان رایدەگەیەنێت ئەگەر داوای لێبکرێت بە زمانی کوردی گۆرانی بڵــێ ئەوا بێگومـــان رازی دەبێـــت، بەڵام دوای ئەوەی دڵنیا دەبێت لەســـەرکەوتنی گۆرانییەکە و فێربوونی زمانی کوردی بەشێوەیەك کە تێکستی گۆرانییەکە تێك نەدات.

دۆمینیك، هەروەهـــا دەڵێ: زانیاریـــم دەربارەی کورد هەیە، چونکە دەســـتگیرانی یەکەمم کورد بوو، هەر لە رێگای ئەویشـــەوە زانیاریم پەیدا کرد لەسەر هونەرمەند ئیبراهیم تاتلیساس و ئێســـتا باش دەیناسم، چونکە پێوەندی هەبوو لەگەڵ دەستگیرانەکەم، سەبارەت بەو رەخنانەی لێیدەگیرێـــن گوایە تەنیا بە جەســـتە گۆرانی دەڵێ و خـــۆی نمایش دەکات، دۆمینیك دەڵێ: نەخێر ئەم قسانە دوورن لە راستی، من بە هیچ شێوەیەك خۆم بە هونەرمەندی سەرنجڕاکێشان و ئیغرا نازانم و هیچ کاتێکیش پشتم بە جەستەی خۆم نەبەســـتووە بۆ ســـەرکەوتن، بەڵگەشم بۆ قســـەکانم ئەوەیە کە گۆرانییەکانم بە قووڵایی باس لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و خۆیشم هەڵیاندەبژێرم.

## لەیدی گاگا
## رۆڵی ئیمی وینهاوس دەبینێت



لەیدی گاگا یەکێك بوو لـــەو هونەرمەندانـــەی کە مردنی گۆرانیبێژی بەریتانی ئیمی وینهاوس کاریگەرییەکی زۆری بەسەرییەوە هەبوو.

لەمبارەیەوە رۆژنامەی «دەیلی ستار»ی ئاشکرای کرد کە چەند بەرهەمهێنەرێکـــی هۆلیۆد دەیانەوێ خەمی خەڵك بۆ کردنی وینهاوس لە سەرتاسەری جیهان کـــۆ بکەنەوە و فیلمێکی لێ بەرهـــەم بهێنن، دەربارەی ژیانی ئەو کچە گۆرانیبێـــژە و پێیانوایە لیدی گاگا کە هەمیشە مایەی مشتومڕ بووە گونجاوترین کەسە کە بتوانێت ئەم ڕۆڵە ببینێت، هەر بۆیەش بەرهەمهێنەرەکان دەستیان بە گفتوگۆی نهێنی کردووە لەگـــەڵ گاگا دەربارەی ئەم بابەتە وئەویش ئامادەیی خۆی دەربڕیوە.

لەم بارەیەوە سەرچاوەیەکی نزیك لە گاگا ئاشکرای کـــرد کـــە گاگا و وینهـــاوس یەکتریان زۆر خۆشدەویســـت و زۆریش خۆشحاڵ دەبێت کە ڕۆڵی وینهاوس ببینێت، چونکە بە نموونەیەکـــی بەرزی خۆی دادەنا و هەمیشـــە لە ئاهەنگەکاندا گۆرانییەکانـــی ئـــەوی دەوتەوە.

# نازم عەلی چەند کۆنسێرتێک لە هەولێر و سیئول ساز دەکات


هونەرمەند موزیکژەن نازم عەلی لە پێوەندییەکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان ئاشکرای کرد کە لە ماوەیەکی نزیکدا سەردانی کوردستان دەکات بە مەبەستی ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەری.
هونەرمەند نازم عەلی زیاتر لەو بارەوە دوا: لە سەردانی داهاتووم بڕیار وایە کۆنسێرتێك لە کونسوڵخانەی کۆریای باکوور بە هاوبەشی لەگەڵ ئۆرکیسترای هەولێر و بەسەرپەرشتی مامۆستای هونەرمەند چەتۆ نەورۆز ئەنجام بدەم، دواتر سەردانی وڵاتی کۆریا دەکەم بۆ هەمان مەبەست واتە لە هەولێر و سیئول کۆنسێرت پێشکەش دەکەین، هونەرمەند نازم ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئەم کۆنسێرتەی سیئول لەسەر داوای کۆمەڵەی دۆستایەتی کۆری کوردستانی بووە کە دوای ڕێکەوتنی نێوان وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانیحکومەتی کوردستان و کونسۆلخانەی کۆری لە کوردستان بە ئەنجام گەیشت.
لەلایەکی دیکەوە هونەرمەند نازم عەلی دەربارەی سیدی داهاتووی خۆی وتی: کارەکانی دوایین سیدیم تەواو کردووە کە پێکهاتووە لە چەند گۆرانی و مەقامێکی رەسەنی کوردی بەشێوەیەکی زۆر جوان، ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئەم سیدییە تەنیا مۆزیکی گۆرانییەکانە بە ئامێری شمشاڵ.





# پێڵاوێکی خۆی بەخشیە نەخۆشەکانی شێرپەنجە

ئەستێرەی لاوی کەنەدس جاستین بیبر جووتەپێڵاوێکی خۆی بەخشییە تووشبوانی نەخۆشی شێرپەنجەی هێلکەدان بۆ ئەوەی لە مەزادێکی ئاشکرادا بیفرۆشێت.
لەم بارەیەوە ماڵپەڕی «چاریتی باز» لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت رایگەیاند کەوا جوستین جووتە پێڵاوێکی خۆی کە پێشتر لە چەند ئاهەنگێکدا بەکاری هێنابوو لە مەزادێکی ئاشکرادا دەفرۆشێتو داهاتەکەیشی بۆ کۆمەڵەی تووشبووان بە نەخۆشی شێر پە نجە ی هێلکەدان تەرخان دەکرێت، جووتە پێڵاوەکە جاستین بەم زووانە نما یش دەکرێن، ماڵپەڕی ناوبراو ئەوەشی ئاشکرا کرد کە نرخی ئەم جووتە پێڵاوە بە هەزار دۆلار خەمڵێنراوە و ئەگەری ئەوەشی هەیە کە پارەکەی زیاتر بێت بەهۆی ئەوەی کە جاستین خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لە سەرتاسەری جیهان.



## شەهرام عەلیدی:

# ئاستی بینینی خەڵکی کوردستان و ئەوروپا بۆ سینەما وەکو یەکە

شەهرام عەلیدی ئەو گەنجە سینەماکارە کوردەیە کە توانیی بە فیلمی «سرتە لەگەڵ با» فیلمی کوردی قۆناغێك بباتە پێشەوە و بیگەیەنێتە فیستیڤاڵی «کان»ی جیهانی.
لە پێوەندییەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان عەلیدی دەڵێ: حەز دەکەم کارەکانمان زیاتر بۆ چاو بن نەك بۆ گوێ، واتە بەبێ دیالۆگ کاری خۆمان بکەین، بەڕای من کورد زۆر زۆر زیرەکە من ئێستا شارەزاییەکی باشم لە باشووری کوردستان هەیە و بۆم دەرکەوت کە چاوی خەڵکی ئێرە باشترین چاوە بۆ بینینی سینەما، رەنگە هەندێك کەس پێیان سەیر بێت، بەڵام من بە بەڵگەوە دەڵێم خەڵکی سەر شەقام لە کوردستان بە تاقیکردنەویەکی زۆر ئاسان و بینینی هەندێك فیلم ئاستی بینینی دەگاتە ئاستی خەڵکی ئەوروپا. دەرهێنەری فیلمی «سرتە لەگەڵ با» هەروەها دەڵێ: ئێمە وەك دەرهێنەر دەبێ زمانی سایکۆلۆژی بینەری کوردیش بزانین هەر ستایلێك بۆ کورد بگێڕیتەوە زۆر ئاساییە، بەڵام دەبێ ئەو ستایلە وا هەڵبژێریت کە کوردانە بێت ئەویش لە زۆر رووەوە دەبێت بەتایبەتی لە چۆنیەتی گێڕانەوەی، من دڵنیام ئێمە پێویستمان بە چەند جۆرە سینەمایەك هەیە ئەو جۆرە سینەمایانە دەبێ وابن کە بیر و ویست و خواستی بینەری ئێمە پڕ بکات بینەری ئێمەش فرە چینە و هەر چینێکیش سینەمایەکی تایبەتی دەوێ، وەك درامی، رۆمانسی، ئەکشن، درامای نەرمی کۆمەڵایەتی، کەلتوور.

